بێ ئینسافییە ئەگەر بڵێن حکوومەت هیچی نەکردووە

بۆچوونەکان ڕاستی کارەکانی حکوومەت دەسەلمێنن

ئەرکی حکوومەتە لە ئاست خزمەتگوزاری بەپێی قۆناغ و توانای ماددی و مەعنەوەیی و هەبوونی ئیمکانیەت و شارەزایی و پێویستبوون بگەیەنێت بە هاووڵاتیان. ئەمە فەلسەفەی کاری حکوومەتە لە پاڵ کارکردنەکانی لە بواری دیکە، بێویژدانیەکی زۆر دەکرێت بەرامبەر بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، کاتێک دەگوترێت حکوومەت هیچی نەکردووە!). ئێمە دەپرسین: حکوومەتی هەرێمی کوردستان چی کردووە و چی نەکردووە؟

بەدواداچوون: ئاسۆ عەلی فەرەج

هیوا میرزا

موسا ئەحمەد

هەڤاڵ ڕەحمان

ئاگرین عەبدوڵڵا

شیلان محەمەد


نەرمین سندی


جەبار حاجی

هیوا میرزا سابیر:
ئەوەی دەڵێت حکوومەت یا پەرلەمان هیچی نەکردووە، زیاتر کاردانەوەی پێوە دیارە نەک کارێکی ڕاستەقینە و لەروانگەی توێژینەوەی زانستی

لۆژیکی بڕیاردان پێوەر و هەڵسەنگاندنی خۆی هەیە، هیوا میرزا سابیر- ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پێیوایە، هەر هەڵسەنگاندنێک بۆ دەزگایەک، بەتایبەتی بۆ حکوومەت یا بۆ پەرلەمان پێویستی بە هەڵسەنگاندنی زانست و توێژینەوە هەیە، ئەو بۆچوونانە بە دروست نازانم، کە حوکمێکی ڕەهای دەدەن و دەڵێن: حکوومەت یا پەرلەمان هیچی نەکردووە، باشترین پێوەری بۆ ئەوەی بزانین حکوومەت کاری کردووە یا نا پێویستە لە ڕێگای ڕوانگەی لیژنەکانی پەرلەمانەوە بێت، وەک پەرلەمانتارێک لەگەڵ ئەو ڕایەنیم کە حکوومەت هیچی نەکردووە، دەتوانین بڵێین حکوومەت کاریکردووە، و کاری باشتری کردووە. بەڵام ئایا هەڵساوە بە ئەرکی خۆی وەک پێویست، ئایا نەیدەتوانی کاری باشتر بکات، بۆیە لەگەڵ ئەوەم کە حکوومەت کاری باشیی کردووە، هیوادارم لە ئایندەشدا کاری باشتر بکەین. پێویستە بۆ ئەوەی ڕابەرایەتیەکی باشی ئەو خەڵکە بکەین بابەتەکانیان وەک خۆی نیشان بدەین و ئاوێنەیەکی ڕاستەقینە بێت و مافی خۆی بدرێتی. ئەوەی دەڵێت حکوومەت یا پەرلەمان هیچی نەکردووە، زیاتر کاردانەوەیە پێوەدیارە نەک کارێکی ڕاستەقینە و لەروانگەی توێژینەوەی زانستی بێت.

موسا ئەحمەد:
لە پێشکەوتنی عەقڵیەتی تاکی کوردیدا بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو گۆڕانکاری زۆر گەورە کراوە

زۆرێک لە چاودێرانی ناوخۆیش و دەرەوەش گرنگی بە جۆریەتی و چۆنیەتی گۆڕانکانی کوردستان دەدەن لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا، موسا ئەحمەد جێگری دەزگای خێرخوازی بارزانی، هەمان ئەو بۆچوونەی تەئکید لێکردەوە کە شتکراوە و بەڵام کەموکوڕیش هەر هەیە، ناوبراو زیاتر جەختی کردەوە، کۆمەڵێک کاری زۆر کراوە و خزمەتگوزاری زۆر کراوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت بڵێین کەموکوڕی نییە، کە کۆمەڵێک فاکتەری لە پشتەوەیە کە تەجروبەیەکی حوکمڕانی یان تەجرووبەیەکی ئیدارەکردنی سەربەخۆمان نەبووە، ئەگەر بەویژدانەوە تەماشای لایەنەکانی ژیان و کۆمەڵگا تەنانەت تاکی کوردی گۆڕانکاری گەورە کراوە و لە بواری پەروەردە و شارەوانی خوێندنی باڵا و لە بواری جوانکاریش کاری باشکراوە، تەنانەت لە بواری پێشکەوتنی عەقڵیەتی تاکی کوردیدا بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو گۆڕانکاری زۆر گەورە کرا، تەنانەت لە دەموچاوی تاکەکانی کوردی گۆڕانکاری بەسەرهاتووە، کە پیاو هەست دەکات لە وڵاتێکی پێشکەوتوو و ئارامدایە، ئەمانە دەسکەوتن بۆ ئەو ئەزموونە یا بۆ ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی کە ئەم ئەزموونە بەڕێوە دەبات. میدیا بە ئازادی کار دەکات، ئەگەر توێژینەوەیەکی زانستیانە بکرێت میدیای ئازادا ئازادی بەرامبەرەکەشی پێشێل دەکات. لە هەمانکاتدا ئەگەر تەمشای ڕەوشی ئەم هەرێمە بکەین دەبینین بووەتە پەناگەیەک بۆ کوردی پارچەکانی دیکەی وەدەستهاتووە حکوومەتە. پاراستنی ئەم حکوومەتەش ئەرکی سەرجەم چین و توێژەکان، دەبێت تەماشای هەموو لایەنەکانی سلیبی و ئیجابییەوە بکەین.

لە ڕێگایەک دەڕوات بە دەستی ڕاستی و دەستی چەپ چەند ئیش کراوە و یان نەکراوە، حکوومەتی هەرێم کاری زۆر باشی کردووە، زیاتر لە **4** هەزار گوند وێران کرابوو لەسەردەمی بەعس، بەڵام تەماشا بکەین زۆریان ئاوەدانکراوەتەوە، بەڕای من حکوومەت دەبێت بیر لە هەندێک کاری دیکە بکاتەوە لە بواری ئابووری و ئاوەدانکردنەوە ومەسەلەی کیشتوکاڵ و زیاتر کردنی خزمەتی گوندنیشنەکان.

دووبارە دەستخۆشی لە هەوڵ و تەقەلا و کارەکانی حکوومەت کوردستان کە ژمارەیەکی زۆریان ڕوویان لێرە کردووە. موسا ئەحمەد تەئکیدی لەوەشکردەوە، دەبێت هەوڵی پێشکەوتنی زیاتر بدەین، دەبێت ئەو شتانەی کراوە دەستخۆشی لێبکرێت.

هەنگاو عەبدوڵڵا خان:
پاراستنی ئەم حکوومەتە ئەرکی سەرجەم چین و توێژەکان

حکوومەت بە قوربانی وخوێن و دەنگی میللەت دروستبووە و بەرەو مونەسەساتی دڕوات و هەنگاوەکانیشی لە ڕووی پیادەکردنی دیموکراسیەوە جێگایەکی باشی گرتووە، هەنگاو عەبدوڵڵا خان سەرۆکی گشتی سەندیکای کرێکارانی کوردستان ڕای وابوو، هەڵبەتە باسی حکوومەت دەکرێت، لە وڵاتێک لەسەربنەمای دیموکراسی کار بکات و بیەوێت دەوڵەتی مونەسەسات بهێنێتە کایەوە دامودەزگاکانی بێتە مونەسەساتی، ئەمە قوربانیەکی زۆری دەوێ، باس لە حکوومەت دەکرێت، حکوومەتی میللەتە، هەم سەرۆکایەتی هەرێم و هەم سەرۆکایەتی پەرلەمان، حکوومەت هەڵبژێردراوە و هی گەلە، یەکێک لە دەسکەوتەکان کە بە خوێن و قوربانی دەکەم و پێویستە لەسەر هەمووومان کە ڕەخنە دەگرین هەردوولایەنەکە باس بکەین بە باش و خراپەوە و حکوومەت چەتری هەموومانە.

هەڤاڵ ڕەحمان:
هەندێک لە کەناڵ و ڕۆژنامەکان دەیانەوێ ئەو دەسکەوتە گەورانەی ئەزموونی حکومڕانی کوردستان وەبەریهێناوە نادیدەی بکەن

چەواشەکاری بووەتە بەشێک لە سیمای کارکردنی هەندێک لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن و دەیانەوێ دەسکەوتەکانی میللەت نادیدە بکەن، لەوبارەیەوە هەڤاڵ ڕەحمان بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنان- وەزارەتی شەهید و ئەنفالکراوان بەداخەوە ئاماژەی بەو لایەنەداو ئاماژەی بەوەکرد، ئەوەی هەستپێدەکرێت بەداخەوە لە پەنای ڕۆژنامەی ئازاد هەندێک لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکان ئەو ئازادییەی کوردستانیان قوستۆتەوە گومان هەیە دەستێکی دەرەکی لە پشت ئەو چەواشەکارییەوە هەبێت، هەندێک لە کەناڵ و ڕۆژنامەکان چەواشەی خەڵک دەکەن، دەیانەوێ ئەو دەسکەوتە گەورانەی ئەزموونی حکومڕانی کوردستان وەبەریهێناوە نادیدەی بکەن، بەڵام وەک کورد دەڵێت: بەری خۆی بە بێژنگ ناگیرێت، هەمووومان دەزانین حکوومەتی هەرێم هاتەسەر وڵاتێکی وێران. دەتوانین بڵێین حکوومەتی هەرێمەوە ئیمکانیەتی ماددەی لە ساڵی **2005**ەوە بە دەستکەوتووە، کار و کۆششەکانی حکوومەت لەهەموو بوارەکاندا بەشێک بووە لە ئەجێندای سەرکردایەتی سیاسی کوردستان.

وتارەکەی جەنابی سەرۆک لە پەرلەمانی کوردستان زۆر بەشەفافیانە ئاماژەی کرد بۆ ئەو کارو چالاکییەکانی حکوومەت، ئەمەش بەسە وەک وەڵامێک بۆ ئەوانە.

ئاگرین عەبدوڵڵا ئاگرین:
خەڵکێکی بیانی لە دەرەوە دێن کوردستان دبینێ هەست بە گۆڕانێکی زۆر دەکات

زمانی داتا یەکێکە لە ڕێگاکانی دروست موختەبەکردنی بەرامبەر، حکوومەتی کوردستان و خودی جەنابی سەرۆک بارزانیش لە پەرلەماندا پرۆژە و گۆڕانکارییەکانیان هەموو بە زمانی داتا بووە، ئەوانەی دەڵێن هیچ نەکراوە توانای ئەوەیان نییە وەڵامێکی دروستی زمانی داتا بدەنەوە، ئاگرین عەبدوڵڵا ئاگرین بەڕێوەبەری چاککردنەوەی ڕێگەوبانی هەولێر تیشکی خستەسەر ئەوەی، حکوومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە دەسکراوەی لە هەشت ساڵی ڕابردوودا لە بواری ڕێگەوباندا خزمەتێکی زۆری کردووە زیاتر لە **2** هەزار کیلۆمەتر لە ڕێگاوبانی گوندو ڕێگا لاوەکیەکان دروستکراوە و نۆژەنکراوە **13** ملیۆن دۆلار و **100** ملیار دینار ئێراقی تێچووە، لەبواری بیناسازیشدا لە گوندەکان **164** پرۆژەی جۆراو جۆری ئەنجامداوە.

کاریگەری ئەم پرۆژانەش دەبینرێت و گەشەکردنێک بە کۆمەڵگەی گوندییەکان دەبنیرێت لەڕووی بینای قوتابخانە و بنکەی تەندروستی. لەم دوو سێ ساڵەدا زۆربەی زۆری ڕێگاکانی هەولێر نۆژەنکراوەتەوە وەک ئەوەی ڕێگای هەولێر- کەرکووک و هەروەها ڕێگای حاجی ئۆمەران کە ڕێگایەکی ترانزێتییە هەرێم بە ئێران دەبستێتەوە.

بێگومان پرۆژەی زۆرکراوە و پارێزگای هەولێریش بە گوێرەی ویستی خەڵکی پرۆژەی زۆری کردووە، خەڵکێکی بیانی لە دەرەوە دێن کوردستان دبینێ هەست بە گۆڕانێکی زۆر دەکات، کوردستانی ئێستا زۆر جیاوازە لە کوردستانی پار، بێگومان هەموو پرۆژەکان زۆر ڕوون و جێگای نکۆڵیکردن نییە.

شیلان محەمەد:
دەبێت میدیا ڕۆڵی خۆی ببینێ لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک و گەیاندنی ڕاستی و زانیاریی، نەک چەواشەی خەڵک بکات

ڕۆژنامەنووسانی خاوەن ئەتەکێت و ئەخلاقیەتی پیشەیی جەخت لەسەر نادروستی ئەو پەیامە دەکەنەوە، هەندێک لە میدیاکان پەیڕەوی دەکەن بە چەواشەکاری و لادانی ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانیشی دەزانن، شیلان محەمەد ڕۆژنامەنووس بۆچوونی وابوو، هەندێک لە میدیا ئەهلی و حزبی دێن خەتێکی ڕاست و چەپ لەسەر ئەو خزمەتگوزارییانەی حکوومەت دادەنێن کە لە ماوەی ڕابردوو پێشکەشی خەڵکی کوردستانی کردووە، بەڕاستی ئەمە کارێکی باش نیە و لادانە لە ئیتیکی ڕۆژنامەوانی، دەبێت میدیا ڕۆڵی خۆی ببینێ لە هۆشیارکردنەوەی خەڵک و گەیاندنی ڕاستی و زانیارییە بە خەڵک، نابێت تۆ چەواشەی خەڵک بکەی لە ڕێگای ئەو مەرامەوە کە لە پشت هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندنەوە هەیە، پێمباشە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی هۆشیارکەرانە ببینێ و خەڵک بزانێت لە چ کاتێکدا بەتەنگ بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە دەچێت چ وەک تاک چ وەک کۆمەڵگا، پێویستە ئێمە خزمەتی ئەو ئەزموونە بکەین کەئێستا هەمانە نابێت بە شێوەی ڕق و کینە تاعن لە ئەزموونی کوردی بدەین، ڕاستە کەموکوڕی و گەندەڵی هەیە، بەڵام دەکرێت ئێمە لە کاتێکدا چاوی دەرەوە و میدیای نێودەوڵەتی و هەرێمی و ئێراقی بێن هێندە ئەزموونی کوردی ناشرین بکەین و بڵێین حکوومەتی هەرێمی هیچی نەکردووە. بەڕاستی ئەمە جۆرێکە لە چەواشەکردنی خەڵک ئەمە ڕۆڵ و ئەرکی میدیا نییە کە خەڵک بەم جۆرە پەروەردە بکات، میدیا دەتوانێ کەموکوڕی بەدەربخات لە پێناو چارەسەرکردن.

نەرمین سندی:
ئەوەی ئەلفێک لە ئەخلاقیەتی ڕاگەیاندن بزانێت، هەڵبەتە تێدەگەن کە ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە لە ئەخلاقیەتی ڕاگەیاندن جێگای نابێتەوە

نیگەرانییەکی زۆر هەست پێدەکرێت لەلای ئەو ڕۆژنامەنووسانەی پیادەی ئیتیکی کاری ڕاگەیاندن دەکەن و پابەندن بە هەموو پرەنسیپەکانی ئەخلاقیەتی پیشەییەوە بەرامبەر بەوانەی کە پیشەیی و ئەخلاقی پیشەییان لە چەواشەکاریدا کۆکردۆتەوە، **نەرمین سندی ڕۆژنامەنووس و بێژەر لە دەنگی کوردستانی ئێراق بۆچوونی وابوو،** ئەو ڕاگەیاندنانەی دەیانەوێ بەشێوەیەکی ئاشکرا و بە ئامانجدار بگەنە ئامانجێکی نێگەتیڤ کۆمەڵگایەک دروست بکەن دژی حکوومەت، ناوی نانێم ڕاگەیاندن، ئەوە پیلانە و کاری ڕاگەیاندن پیرۆزە و ڕەوتی کۆمەڵگا بەرەو پۆزەتیڤ دەبات، بەڵام هەر هەوڵ و پیلانێک بیەوێت پەیوەندی نێوان خەڵک و حکوومەت بکاتە پەیوەندییەکی ئاراستەکراوی ڕق و کینە گوناهە ناوی بنەیت ڕاگەیاندن.

ئەوەی ئەلفێکی لە ئەخلاقیەتی ڕاگەیاندن بزانێت و خوێندبێتەوە دەزانن هەڵبەتە تێدەگەن کە ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە لە ئەخلاقیەتی ڕاگەیاندن جێگای نابێتەوە، چونکە ڕاگەیاندن بە پیشەیی خۆی کار بکات دیاریکردنی ڕاستییەکانە. کاتێکیش ڕاستی شەوێنرا و ئاراستەکەی بە پیلان ڕۆیشت و خەڵکی پێ تێگەیەنرا ئەوا ئامانجێکی چەپەڵی لە پشتەوەیە و گوناهە ناوی بنرێت ڕاگەیاندن.

لەم کاتەدا کە وادەی هەڵبژاردنە بیەوێت کارەکانی حکوومەت بهێنێتەوە سەر خاڵی سفر، شێتێک یا کەسێک ناتەواوی ئەقڵی هەبێت ڕاست و چەوت جیا ناکاتەوە، بەڵام کەسی ئاقڵ هەست بەوە دەکات ئەوە پیلانە و دەیەوێت چەواشەکاری بکاتە میکانیزمی کارکردنی. تاکی ئێمە چاوی هەیە و ئەقڵی هەیە و بیر دەکاتەوە ئەوەی بۆ جیا دەبێتەوە کە چەواشە لە کوێیە و ڕاستیش لە کوێیە.

جەبار حاجی:
لە ماوەی دەستبەکار بوونی کابینەی پێنجەمی حکوومەتی کوردستان خزمەتێکی بەرچاو بە ڕەوتی پەروەردە و خوێندن و ئاستی زانستی کراوە

ڕێکخراوەکانی قوتابیان شاهیدحاڵێکی هەرە گرنگی کار و پرۆژەکانی حکوومەتن لەبواری پەروەردەیی و فێرکردن وئاستی زانستی و هەموو ئەو دەسکەوتانەش دەگێڕنەوە بۆ خودی ئەجێندای بەهێزی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان و پرۆسەی بەردەوامی خزمەتەکان بە نەتەوە و میللەتەکەمان. لەوبارەیەوە جەبار حاجی کارگێڕی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و قوتابی زانکۆ، تیشکی خستەسەر ئەوەی، ئەگەر ڕاگەیاندن مەبەستی بێت پەیامی خۆی وەک ئەوەی هەیە بگەیەنێت دەبێت چاوی کراوە بێت لە ئاست پرۆژەکانی حکوومەت و کۆش و هەوڵەکانی جەنابی سەرۆکی حکوومەت ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی کە لەسەر ئاستی پەروەردە و خوێندن و ئاستی زانیستی بەردەوامیان هەیە.

جەبار حاجی تەئکید لەوەشکردەوە، لە ماوەی دەستبەکار بوونی کابینەی پێنجەمی حکوومەتی کوردستان خزمەتێکی بەرچاو بە ڕەوتی پەروەردە و خوێندن و ئاستی زانستی کراوە، چەندین دەسکەوتی باش لە بواری پەروەردە و فێرکردن بەدیهاتووە، جگە لە ئاوەدانکردنەوە و دروستکردنی باڵەخانەی نوێ بۆ قوتابخانەکان لە سەرجەم گوند و ناحیە شارەکانیش.

کارگێڕی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیان تیشکی خستە سەر هاوکارییەکانی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان ساڵانە پێشکەشی قوتابیانی پارچەکانی دیکەی کوردستان دەکات بۆ ئەوەی هەست بکەن ئێرە وڵاتی ئەوانە و ئەوانیش بەشێکن لەپرۆسەی نەتەوەییمان، هەروەها ئەگەر بە ئینسافەوە سەیرێکی دروستکردن و دابینکردنی یەکەی بەشە ناوخۆییەکان بکەین ئەوا هەرگیز ئەو دێر و وشانە نادرکێنن حکوومەت هیچی نەکردووە، هەوڵەکانیش بەردەوامن بۆ دروستکردنی بەشی ناوخۆی بە ستاندی نێودەوڵەتی کە هەموو پێداویستیەکانی قوتابیان لە خۆی بگرێت.

جەبار حاجی لە مەڕکردنەوەی زانکۆ ئەهلیەکانیش ئاماژەی بەوەدا، بۆخۆی کردنەوە و دەروازە واڵاکردن لەبەردەم کەرتی تایبەت لە بواری زانستی دەسکەوتێکی دیکەی کابینەی پێنجەمی حکوومەتە کە ئێستا دەبنین چەند زانکۆیەکی ئەهلی شان بەشانی زانکۆکانی دیکە هەوڵی پێشخستنی زانست دەدن و قوتابیانی ئێمە بەرەو دنیایەکی دیکەی فێرکردن دەبەن.

دارا محەمەد ئەمین: ئەوانەی دەڵێن حکوومەت هیچی نەکردووە بەشێکە لە بێ ئینسافی

دارا محەمەد ئەمین

بێ ئینسافبوون بەشێکە لە واقیعی کارکردنی زۆرێک لە دەزگا ڕاگەیاندنەکان و بەبێ لاکردنەوە لە ئاست خزمەتگوزارییەکان، بڕیاری ئەوەیان داوە بەردەوام بنووسن و بڵێن و هاوار بکەن هیچ نەکراوە، دارا محەمەد ئەمین وەزیری ژینگەی حکوومەتی کوردستان وێڕای تیشکخستنە سەر کارەکانی حکوومەت، ئەو جۆرە بۆچوونەش بە بێ ئیسنافی لەقەڵەمدەدات و دەڵێت: باس لە کابینەی پێنجەمی حکوومەتی کوردستان دەکەم لە کاتێکی هەستیاردا دروست بوو یەکێک لەخاڵ و کارە گرنگەکانی ئەوە بوو توانرا هەموو لایەنەکان کۆبکرێتەوە لە نێو حکوومەتدا، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ڕۆڵێکی باشی بینی لەوەی هەمووولایەک لە حکوومەت بەشدار بێت و ڕۆڵی خۆیان ببینن، بەشبەحاڵی خۆم پێموانیە ئیش نەکرابێت و خزمەتێکی زۆر کراوە، ئەو کارانەیش کە کراوە مانای ئەوە نییە حکوومەت منەت بەسەر هاووڵاتیان بکات، ئەرکی سەرشانی حکوومەت بووە خزمەتی میللەت کردووە. حکوومەت ئەوەی لە توانایدا هەبووە کردویەتی، هەندێک لەو کەموکوڕیانەی هەن پەیوەندی بە بارودۆخە سیاسییەکە بووە و بەشێکی پەوەندی بە حکوومەتی ئێراق بووە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی باشی هاوێشتووە و کاری جیدیی کردووە. ئەوانەی دەڵێن حکوومەت هیچی نەکردووە بەشێکە لە بێ ئینسافی دەبێت کەموکوڕی هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەی لە ئیمکانیەتی حکوومەت بووە کاری باشکراوە.

حەیدەر شێخ عەلی:
هەموو کوردستان بگۆڕی دیجیتاڵی هەیە

حەیدەر شێخ عەلی

وەزیری گەیاندنی حکوومەتی کوردستان حەیدەر شێخ عەلی وەک بەرپەچدانەوەیەک بۆ ئەو جۆرە بۆچوونەی حکوومەت هیچی نەکردووە ئاماژەی بە جۆری کارکردنی وەزارەتەکەی کرد و گوتی: پێش چەند ساڵێک هەموو هاووڵاتیانی کوردستان باش دەزانن ڕەوشی گەیاندن لە کوردستاندا چۆن بوو لە هەولێر یەک بەدالەمان هەبوو کە پێنج هەزار خەت بوو کاری نەدەکرد ئەمڕۆ لە هەموو کوردستان بگۆڕی دیجتاڵی هەیە لە هەولێر نزیکەی **200** هەزار نۆرماڵ کار دەکات، جگە **100** هەزار هێڵی ئارافۆن و مۆبایل، ئەنتەرنێتی هەبێت و خزمەتگوزاری لەڕووی ڕاگەیاندنەوە کراوە، ئەمڕۆ کوردستان پەیوەندی بە ئەورووپاوە لەڕێگای تورکیاوە کە ئێراق نەیتوانیوە بیکات و ئێستا بە کار کەوتووە و ئێستا کەناڵە ئاسمانیەکانیش دەتوانن لە توانای ئەو هێڵەوە کار بکەن، ئێمە جگە لەوەش کاری حکوومەتی ئیلکترۆنیمان کردووە کە بڕی **13**ملیۆن دۆلاری تێچووە و بەمزووانە هەموو مونەسەساتەکان سوودی لێوەردەگرن، ئەمڕۆ کێشەی گەیاندن لە کوردستان نەماوە.